# بەهێزکردنی دەسەڵاتی "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت" بەهیزبوونی ڕەفسەنجانی  یا ترسی خامنەیی  !



**خەلیلی غەزەڵی**

پاش "هەڵبژاردنی" ئەحمەدی نێژاد بە سەرۆککۆماری ئێران و دەرکردنی باڵی ئیسلاحتەلەبی حکوومەتی لە هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات، بۆ یەکەمجار دەسەڵات لە حکوومەتی ئێراندا، بەتەواوی کەوتە دەستی باڵی کۆنپارێزەوە. ئەگەرچی ئەم "یەکدەست" کردنەی دەسەڵات بە پشتیوانیی تەواوی خامنەیی( کە بەناو دەبێ لە سەرەوەی هەموو باڵەکانی ناو حاکمییەتدابێ و نابێ لایەنگری لە هیچ باڵێک بکات) جێبەجی کرا ، بەڵام هێشتا پلانەکانی( لقی نیزامیی باڵی ڕاست واتا سەرکردەکانی سپای پاسداران و خامنەیی) بەتەواوی جێبەجێ نەبووبوو ،کە نیزامییەکان بە دەستیوەردانی ئاشکرا لە هەڵبژاردنەکەدا، پشتی کاندیدای خامنەیی یان دا بە عەرزدا . گەرچی ئەم کاندیدایەش یەکێک لە پاسدارەکانی خاوەن پەلە بوو ( قالیباف) ، بەڵام وادیارە لەدەرەوەی کاستی نیزامییەکاندا جێگەی گرتووە.

سەرکردەکانی سپا و دەزگا ئەمنییەتییەکان بە بەرنامەوە هاتوونەتە پێش تا هەموو دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی ڕاستەوخۆ لە دەستی خۆیان بگرن . ئەوە بوو کە هەرچەند وەلی فەقی و کوڕەکەی (مورتەزا خامنەیی) بە سەرف کردنی کلوور کلوور پووڵ و بە وەگەر خستنی ناوەندەکانی سەر بە دەزگای ویلایەت، هەوڵیاندا قالیباف لە سەندووقەکانی دەنگەوە دەربێنن ، بەڵام کاستی نیزامییەکانی سەربە میسباحی یەزدی بە بێ دوردونگی و بە عالەمی ئاشکرا ئەحمەدی نێژادی لە سەندووقەکان دەرهێنا . لەم نیوانەدا تەنانەت پشتی ڕەفسەنجانیشیان وەعەرزێ کوتا و ئابڕووچوونەکەی مەجلیسی شەشەمیان پێ دووپات کردەوە .

هەر پاش هەڵبژاردنەکان بوو کە خامنەیی تەنانەت دەس ماچ کردنی ئەحمەدی نێژاد دڵنیای نەکرد، بۆیە ئاڵوگۆڕێکی بەرینی لە پلەکانی سەرەوەی ناوەندە نیزامییەکاندا پێکهێنا . دیارە ترسی ئەوەی بووە  کە کوودیتای لێ بکەن ، یا ئەوەی بە بەکار هێنانی باریە(ئەهروم) کانی دەسەڵات، کە ئێستا ئیتر  لە ئیختیاری کاستی سەرکردەکانی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتییەکاندایە،لە دەسەڵاتی بخەن . بۆیە بە بردنە سەری دەسەڵاتی "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام" ( ناوەندی دیتنەوەی بەرژەوەندیەکانی حکوومەت) بەچەشنێک لە بەرانبەری کاستی سەرکردەکانی سپاو ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا راوەستا. دیارە ئەم ئورگانە حکوومەتیەش (مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت ) ناوەندێکی نادیموکراتیکە و ئەندامانی نەک بە هەڵبژاردنی گشتی ، بەڵکە لەلایەن "وەلی فەقییە"وە دەسنیشان دەکرین.

شان بە شانی گۆڕان کاری لە پلەکانی سەرەوەی هێزە چەکدارەکاندا ،خامنەیی بە بانگ کردنی ڕەفسەنجانی ، کە ئیعترازی بە شێوەی هەڵبژاردن و دەستکاریکردنی دەنگەکان لە لایەن کاستی سپاوە هەبوو، پێشی بە دەربڕینی نارەزایەتیی ئاشکرای (ڕەفسەنجانی) گرت و لە سازانێکدا ، بەرنامەی بردنەسەری دەسەڵاتی "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت" یان دارشت . کە حاسڵەکەی ئەوەبوو ئەم ناوەندە لێرە بەدواوە لە سەرەوەی هەر سێ دەسەڵاتی 'یاسا"،" داد" و"

بەڕێوەبردن" دەوەستێ و چاودێریی بڕیارەکانیان دەکا . بۆ ئەم مەبەستەش ،ئەندامانی مەجمەع لە زەنجیرە کۆبوونەوەیەکدا ،گەڵاڵەیەکیان دارشت و پاشان گەڵاڵەکە یان بۆ خامنەیی نارد و ئەویش پەسەندی کرد . وەک باسکرا بەپێی ئەم گەڵاڵەیە لێرە بەدواوە ،مەجمەع چاودێری بەسەر هەموو سیاسەت و بڕیارەکانی هەرسێ دەسەڵاتدا دەکا و ڕای خۆی لەسەریان دەردەبڕی و بەشێوەی ڕاپورت دەیداتە خامنەیی ، پاشان ئەم راپۆتە و ڕای خامنەیی دەدرێتەوە بە ناوەندەکان . ئەوانئیش دەبێ بڕیار و سیاسەتەکانیان بەو پییە داڕێژن . کە ئەمە لە ڕاستیدا دوو ئورگانی هەڵبژێردراو("یاسا"و"بەڕێوەبەرن") دەکاتە ژێردەستی ئورگانێکی هەڵنەبژێردراو. واتا نەمانی دیاردەکانی کۆماری بوونی دەسەڵات و بەهیچ گرتنی دەنگی دەنگدەران . ئەگەرچی هەڵبژاردن لە حکوومەتی ئیسلامی دا تا بووە هیچکات دیموکراتیک نەبووە و لەکردەوەدا بەربژاران دەسنیشان کراون ، بەڵام ئەمجارە بەهیچ گرتنی دەسەڵاتەکانی هەڵبژێردراو حاڵەتی فەرمی دەگرنە خۆیان. ئەمەش بۆ دەسەڵاتی مەزهەبیی شیعە کە لەسەر ئەساسی "تەقلید" و "تەقەیود" حکوومەت دەکات ،بەمانای نەمانی هیچ چەشنە پێگەیەکە لەنێو خەڵکانی سونەتی و مەزهەبیدا . خەڵکانێک کە حکوومەتی ئیسلامی بەدرێژەی تەمەنی بۆ مەشرووعییەتی خۆی لەسەریان حیسابی کردووە.

پاش پەسەند کردنی ئەم گەڵالەیە ، باڵی سەرکردەکانی سپاو ناوەندەکانی ئەمنییەتی ،کە خۆشیان بە " تواوە لە ویلایەت"( ذوب شده در ولایت) دەزانن و بەرواڵەت فەرمانبەر و چاولە دەستی خامنەیین، لەم لاو لەولا دژی ئەم بڕیارەی خامنەیی هەڵوێستیان گرت .کە نموونەی ئیعترازی "ئەکبەری ئەعلەمی" نوێنەری دانراو بۆ شاری تەبرێز لە مەجلیسی ئیسلامی بوو. ناوبراو لە تریبوونی مەجلیسەوە رایگەیاند کە ئەم هەنگاوە (باڵادەست کردنی مەجمەع بەسەر هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتدا) دژی یاسای بنەڕەتییە و دژی بنەمای "جمهووریەتی نیزام" ە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم باڵە و هاوبیرانیان ،زۆر دەمێکە لە هەوڵی دامەزراندنی "نیزامی والایی"،کەهەمان حکوومەتی سەرەتاکانی ئیسلامە، دان . بەڵام لەبەر ئەوەی لێرەدا بە قازانجیان نییە ، وەبیری "جمهوريت نظام" کەوتوون.

هەر لەم پێوەندیەدا ، واتا باڵادەست کردنی "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت " ، لەملاو لەولا دەبیسرێ کە ئەمە پیلانی رەفسەنجانی بووە . واتا وا دەنوێنین کە رەفسەنجانی هێشتا وەها دەسەڵاتێکی هەیە کە دەتوانی بەسەر خامنەیی و سەرانی سپای پاسداراندا زاڵ بێ .

ئەگەرچی رەفسەنجانی هێشتا کابرایەکی بەدەسەڵاتی نێو حاکمییەتی ئیسلامییە و خاوەنی دەستە ودایرە و باندی مافیایی خۆیە ، بەڵام رەوەندی ڕووداوەکان نیشانی داوە کە کاستی سەرکردەکانی سپا کە بە کۆن پارێزانی نوێش ناویان دەبەن،ماوەی چەند ساڵە ( هەر لەپاش 2ی جۆزەردانەوە) بە شێنەیی خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ بەدەستەوەگرتنی یەکجاریی دەسەڵات و وەلانانی باڵ و لایەنەکانی دیکە . وەک دیتمان سەرەتا دژایەتیی و توندوتیژییان دژی ئیسڵاح تەڵەبەکان بردەپێش . پاش لەکون کردنی ئەوان، ئێستا کەوتوونە گیان لقە جۆربەجۆرەکانی باڵی کۆن پارێزیش .کە نموونەی لە پەراوێز خستنی باندی "جەمعییەتی موئتلیفە" یە . تاقمێک کە دەورانێک بکوژ و ببڕی باڵی کۆن پارێز بوو .

سەبارەت بە رەفسەنجانیش ،ئەوەی لەدەستیان هات لە تەبلیعاتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا لەدژی، کۆتاییان نەکرد. سەدان ملوێن بەرگە بەڵگەنامەیان لە دژی تالان و بڕۆی

بنەماڵەی بەهرەمانی (رەفسەنجانی)یان لە سەرتاسەری ئێراندا بڵاوکردەوە و دەیان دەستە و تاقمیان بۆ بانگەشە دژی رەفسەنجانی بە سەرتاسەری ئێراندا گێڕا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە رەفسەنجانی بەباشی سەرچاوەی هەموو ئەو تەبلیغاتانە کە بە دژی ئەنجام دەدران دەناسی . بەڵام وەک دیتمان تەنانەت نەیوێرا جارێکیش ناویان بێنێ و ئاخرەکەی لە رووی ناچاریدا ڕایگەیاند کە شکاتی "مەزڵوومییەتی" خۆی دەباتە لای "باری تەعالا" !!!

بەکورتی کاستی سەرکردەکانی سپا کە لەدەوری ئاخوندێکی کۆنەپەرست و خورافەچی بەناوی مێسباحی یەزدی کۆبوونەتەوە، هەر ئێستا بەشێکی گەورەی ئابووریی ئیرانیان خستووەتە ژێر چنگی خۆیانەوە. خاوەنی بەندەر و لەنگەرگای تایبەت بە خۆیانن . هەموو بوارەکانی بازرگانی و تەنانەت قاچاخیان تاپۆ کردووە و بەتەمای بەدەستەوەگرتنی یەکجاریی دەسەڵاتی سیاسی شن . لەم رێگەدا لە هێچ پیلان و جەنایەتێک سڵ ناکەنەوەو وەک دەبینین تەنانەت بە هاوبیرانی خۆشیان روحم ناکەن . هەرئەوەشە کە بێگومان لە ئاست ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی خامنەیی و رەفسەنجانی کە بە لەمپەرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیانی دەزانن ، بێدەنگ نابن.

گەرچی هەر ئێستا لە ژێرەوە شەڕێکی ڕانەگەندراویان لە نیواندایە . بەڵام زۆر ناخایەنێ کە ئەوەی لەبن گۆمە، دەکەوێتە سەرئاو . کە ئەویش سەرهەڵدانەوەی شەڕی دەسەڵاتە لەنێوان ئاخوند و سەرکردەکانی سپادا . شەڕی دەسەڵات تایبەتمەندیی هەر چوارچیوەیەکی مافیاییە. و حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش وەک دەسەڵاتێکی مافیایی لەم ئەسڵە بەدوور نییە .

جێگەی خۆیەتی هەرلێرەشدا ئیشارەیەکی کورت بە هەڵوێستی "ئیسلاح تەڵەب"ەکان بکرێ . ئەم "سیاسەتمەدارە شەرافەتمەندانە" کە پاش وەدەرنانیان لە دەسەڵات ، رۆژ تا ئێوارە"جمهوریەت" ،"قانوون مەداری" و دیموکراسی و.. یان کاوێژ دەکردەوە و رەخنەیان لە دەسەڵاتی بێ سنووری ناوەندە هەڵنەبژێراوەکانی وەک شوورای نگابان دەگرت ، لە ئاست بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت" دا بەتەواوی کوێر و کەڕ ماونەتەوە . ئەم "جمهوری"خوازانە، بەبێ ئەوە شەرم بیانگرێ ، لەئاست ئەم پێشێل کردنەی ئاشکرای ئیدیعا کانی خۆیان (هەرچی رۆرتر لەنێو بردنی هێما کانی جمهوریەتی نیزام) لەبەر ئەوەی ئەم پێشێل کردنە خۆیان ناگرێتەوە و لە درێژخایەندا بەقازانجی گەڕانەوەی خۆیان بۆ دەسەڵاتی هەڵدەسەنگێنن ، بە پیری ئەو بڕیارەوە چوون . ئەوە لەکاتێکدایە ،لەچەند ساڵی ڕابردوودا کە هەر دوو دەسەڵاتی "یاسا" و "بەرێوەبەردن"یان بەدەستەوەبوو ، هەرکات رەخنەیان لێ دەگیرا ، دەستێوەردانی ناوەندەکانی هەڵنەبژێراویان دەکردە بیانوو.

گەلانی ئێران بێگومان هێشتا هات و هاوارەکانی جەنابانی ئیسلاحتەڵەبیان لە گوێدایە کە دەیانگوت تەواوی هەوڵیان ئەوەیە کە حکوومەتی یاسا دامەرزێنن و کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوەندە"ئینتسابییەکان" بێنن . کەچی ئێستا بەپیری بەهێزکردنی ناوندێکی ئینتسابییەوە دەچن. دیارە هەڵوێستێکی هەلپەرستانەی ئەوتۆ لەلایەن ئیسلاحتەڵەبەکانەوە بۆ گەلانی ئێران چاوەروان کراوە . چوونکە ئاغا و مورشیدی ئەم جەنابانە "خاتەمی"یە . خاتەمییەک کە بە کردەوەکانی توانی گڕی بەهێزترین بزووتنەوەی جەماوەریی سەردەم لە ئێراندا دامرکێنێتەوە و هەلومەرج بۆ گەڕانەوە بۆ پێش 2ی جۆزەردان (لە قەوارەیەکی دیکەدا) خۆش بکات.

**رەزبەری 2005**